# عێراق و هەرێمی کوردستان: گرێکوێرەی سەروەری

25-02-2019

**نووسەرەکان**

د.پەرویز رەحیم قادر

**کورتە :** گریمانەی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە سەروەری عێراق بە هۆی گرێدراوبووونی سەروەری و هێز/دەسەڵات و لێکترازان لەنێوان شیعە و سوننە و کورد بەتایبەتی لەپاش 2003ەوە بەهۆی "دەستوور" و "سیستەمی فیدراڵی" و "هاوسەنگی هێز" لە عێراق و دەستێوەردانەکانی وڵاتانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی لەلایەك و هەروها رێککەوتننامە و کۆنڤانسیۆن و بەڵگەنامە و یاسا و رێساکانی نێودەوڵەتییەوە سنووردارە.

گریمانەی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە سەروەری عێراق بە هۆی گرێدراوبووونی سەروەری و هێز/دەسەڵات و لێکترازان لەنێوان شیعە و سوننە و کورد بەتایبەتی لەپاش 2003ەوە بەهۆی "دەستوور" و "سیستەمی فیدراڵی" و "هاوسەنگی هێز" لە عێراق و دەستێوەردانەکانی وڵاتانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی لەلایەك و هەروەها رێککەوتننامە و کۆنڤانسیۆن و بەڵگەنامە و یاسا و رێساکانی نێودەوڵەتییەوە سنووردارە. بۆیە هەرێمی کوردستان وەکوو کیانێکی یاسایی و سیاسی کە نوێنەرایەتی پێکهاتە و ناسنامەیەکی تایبەت دەکات، دەتوانێت لەژێر رۆشنایی گۆڕانکارییەکانی پاش جەنگی سارد بەگشتی و عێراق بەتایبەتی و بەپێی دەستووری عێراق و یاساکانی نێودەوڵەتییەوە و بەپێی بنەمای فەرمانپێکەری "مافی دیاریکردنی چارەنووس" و چەمکی "سەروەری یاسا" ئەو سەروەرییەی دەوڵەتی عێراق سنووردار و تەسکبکاتەوە. کۆی ئەمانەش دەکرێت لەژێر گۆڕانکاری لە راڤەی چەمکی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتییەوە خوێندنەوەی بۆ بکرێت. چونکە چیتر نەبوونی جەنگ و توندوتیژی چەکدارانە لەنێوان دەوڵەتان بە واتای بوونی ئاشتی و ئاسایشی نێودەولەتی نییە، بەڵکوو نەبوونی سەقامگیری لە بوارەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ وەکوو هەڕەشە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی جیهانی پێناسەدەکریت و دەناسرێن.

بۆ ئەم مەبەستەش ئەم توێژینەوەیە بەسەر چەند باس یاخود تەوەرێکدا دابەشکراوە و لە تەوەری یەکەمدا باس لە سەروەری دەکرێت. پاشان لە تەوەری دووەم پەیوەندی نێوان سەروەری و دەسەڵاتی سیاسی دەخرێتەروو. لە باسی سێیەمدا چەمکی سەروەری یاسا لەبری سەروەری رەها و لە باسی چوارەمدا بنەمای مافی دیاریکردنی چارەنووس شرۆڤە دەکرێت. لە باسی پێنجەمدا کە دوایین بەشی توێژینەوەکەیە، سەروەری لە سەردەمی ئێستادا دەخرێتە بەر لێکۆڵینەوە لە دوو باسی جیاوازدا، لە باسێکدا سەروەری مەرجدار و سنووردار و لە باسی دووەمدا چەمکی سەروەری لە  چوارچێوەی دەستووری عێراقدا خوێندنەوەی بۆ دەکرێت. لە کۆتاییدا ئەنجامەکان دەخرێنەروو کە سەلماندنی گریمانەی توێژینەوەکەیە....

لینکی تەواوی لێکۆڵینەوەکە:

[عێراق و هەرێمی کوردستان]